بریارکانی ئەنجومەنی وەزیران لە چل و حەوتەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی دا

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ سەشەممە سەرۆکایەتی چل و حەوتەمین دانیشتنی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد کە تیایدا تاوتوێی پێشکەوتنەکانی بارودۆخی گشتی لە سەرانسەری وڵاتدا کرا و گفتوگۆیان لەسەر بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت کرد بە هەموو تەوەر و ئامانجە بنەڕەتییەکانییەوە، جگە لە گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی بەرنامەی کار و بەیاری پێویستیان لەو بارەیەوە دا.

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پرسە و سەرەخۆشی خۆی دەربڕی سەبارەت بە ڕووداوە هاتووچە دە تەزێنەی کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی ژمارەیەک لە کارمەندانی پەروەردەی قوتابخانەی ئیبراهیمی لە ناحیەی سەفوان لە پارێزگای بەسرە و بە هۆیەوە (10) کەس کارمەندی پەروەردەیی و (سێ) منداڵ گیانیان لە دەستدا.

هەروەها فەرمانی کرد شاندێک بنەردرێت بە پێشکێشکردنی هەموو هاوکاری و پشتیوانییەک بە خێزانی قوربانییەکان و بەدواداچوون بە پەداویستییەکانیان بکرێت.

لە بواری ڕێکخستنی بازرگانی و پرۆسەکانی هاوردەکردنی کەرەستە و کاڵا کە هەندێک لە بازرگانەکان ناچار دەکرێن لە بازاڕی نافەرمی دراوی بیانیەوە پارەیان بە دابین بکەن، ئەم پارەدانە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر نرخی ئاڵوگۆڕ، بەیە ئەنجومەنی وەزیران ژمارەیەک بڕیار و ڕێوشوێنی گرتەبەر بە ئامانجی ئاسانکردنی سوود وەرگرتن لە هاوردەکارانی کاڵاکانی (زێڕ، ئەتەمبەل، مۆبایل و جگەرە) لە خزمەتگوزارییەکانی پلاتفۆرمی گواستنەوەی دارای بانکی دەرکییەوە، بە شێوەیەک کە ئاسانکاری دەکات بە هاوردەکارانی ئەم کاڵایانە بە بەدەستهێنانی پارە بە دراوی بیانی بە نرخی ئاڵوگۆڕی فەرمی و ڕێگری دەکات لە کڕینی دراوی بیانی لە بازاڕی نافەرمیدا.

ئەمە ڕێنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر دابەزینی نرخی دراوی بیانی لە بازاڕی نافەرمیدا، چونکە بازرگانیکردن بەو ماددانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بەشێکی گەورەی داواکارییەکانی دراوی بیانی لە بازاڕی نافەرمیدا پێکدەهێنێت. ئەم بڕیارانە بریتی بوون لە کەمکردنەوەی باجی گومرگ لەسەر کێنتێنەرەکان و کەمکردنەوەی باجی هاوردەکردنی جگەرە و پشت بەستن بە بەوانامەی ڕێسێن کە لەلایەن ژووری بازرگانی وەاتانی هێناردەکارەوە دەرچووە.

هەروەها ئەم بڕیارانە ئاسانکردنی ڕێوشوێنەکانی هاوردەکردنی زێڕ لە ڕێگەی دەروازە ئاسمانییەکانەوە و بە خزمەتگوزاری 24 کاتژمێرەوە دەگرێتەوە.

ئەنجومەنی وەزیران بەردەوام بوو لە لەکڕینەوە لە بابەتەکانی کەبوونەوەکە. لەسەر ڕێچکەی چاکسازیی ئابووری کە یەکێکە لە پێشینەکانی حکومەت، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا لیژنەیەک پێکبهێنێت بە سەرکایەتی بەڕێز وەزیری پلاندانان و ئەندامەتی بەڕێزان وەزیرانی ناوخۆ و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و داد و وەزیرانی ناوخۆ و دارایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرکی فەرمانگەی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێوەبەری گشتی گومرگ و سەرکی دەستەی دەروازە سنوورییەکان و بەڕێوەبەری گشتی باج، لیژنەکە ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ بگرێت:

- پەداچوونەوە بە ڕێوشوێنەکانی یەکخستنی سیاسەتی گومرگ لە هەموو دەروازە سنوورییەکان وشکانی و دەریاییەکان و فڕۆکەخانەکان و پێشنیارکردنی بڕیاری پێویست بە جێبەجێکردنی ئەوەی لە بڕنامەی خوێندنی وەزاریدا هاتووە لەم بارەیەوە.

- پەرەپێدانی تەوانینەکی گشتگیر و یەکگرتوو بە جێبەجێکردنی سیاسەتی گومرگ و یاساکانی پاراستنی بەرهەم و بڕیارەکان لەم بوارەدا.

- پەداچوونەوە بە میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی یاسای دەسەاتی دەروازە سنوورییەکان ژمارە (30ی ساڵی 2016)و هەموارکردنەکانی. هەروەها پێشنیاری چارەسەری پێویست بە ئەوەی دەستە و لایەنە پێوەندیدارەکان بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و لیژنەکە لە ماوەی مانگێکدا کارەکانی تەواو

بکات و دەتوانێت داوای یارمەتی لە هەر پسپۆڕێک بکات کە دەیەوێت.

لە چوارچێوەی پاڕێشتی بەردەوام بە کەرتی کشتوکاڵ بەپێی بەرنامەی حکومەت، ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئابووری (230308ق) پەسەند کرد:

1. دەسەڵاتدان بە کەمپانیای گشتی میزەپەتامیا بە و کەمپانیای بەرهەمهێنانی تۆوی عێراقی بە گرێبەستکردن لەگەڵ کارگە مەتەپەدراوەکانی کەرتی تایبەت (کارگەی فرەدان و وشککردنەوەی گەنمشامی زەرد) بەدەرکردن لە شەوازەکانی گرێبەستکردن لە ڕێنمایییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان (2 ی ساڵی 2014).

2. بەکارهێنانی فەکەخانەکانی وەزارەتی بەرگری وەک شوێنێک بە وەرگرتنی گوێی گەنمشامی زەرد لەژێر بەوبردن و سەرپەرشتی وەزارەتی کشتوکاڵ.

3. تەرخانکردنی (150) ملیار دینار لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی کە پێشتر بە کێنی گوێی گەنمشامی زەرد تەرخانکرابوو بە وەرزی (2023-2024).

4. پەسەندکردنی نرخی (380) هەزار دینار بە کێنی یەک تەن گوێچکەی گەنمشامی زەرد.

5. پەسەندکردنی نرخی (435) هەزار دینار بە فرۆشتنی یەک تەن دانەوێڵەی گەنمشامی زەرد.

بەو مەرجەی وەزارەتی کشتوکاڵ سەرەتا پشکی وەزارەتی دارایی بە ڕێژەی (70%)ی داهاتی فرۆشتنی گەنمشامی زەرد بە وەرزی (2022-2023) هادەست بکات، و پابەند بێت بە دەقی ماددەی (44) ی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی کەماری عێراق بە ساڵی دارایییەکان (2023-2024-2025) بە وەرزەکانی داهاتوو.

هەر لە هەمان دەسپێدا، بەیاری هەموارکردنەوەی بەیاری کابینەی ژمارە 248ی ساڵی 2022 بەم شێوەیە درا:

ڕێزامەندی درا لەسەر دامەزراندنی سەنتەری بەبازاڕکردنی دانەوێڵە (سایلۆ) لەپارێزگاکانی واست و کەرکوک بە زیادکردنی توانای هەڵگرتنی داهاتەکانی کەمپانیای گشتی بە بازرگانی دانەوێڵە.

لە کەرتی نەوتدا، ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئابووری (230270 ق) پەسەندکرا، کە کە بریتییە لە پەسەندکردنی ئەوەی لە نوسراوی وەزارەتی نەوتدا جێگیرکراوە سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی بەیاری ئەنجومەنی وەزیران (23068 بە ساڵی 2023) و بڕگەی (5) لە بەیاری ئەنجومەنی وەزیران (23188 ساڵی 2023) سەبارەت بە نرخی بەرهەمە نەوتییەکان.

لە دەسپێی نەوتدا، ئەنجومەنی وەزیران ئەمانەی خوارەوەی پەسەند کرد:

1- جێبەجێکردنی هەردوو بەیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران (100 و 189ی ساڵی 2022) بە جێبەجێکردنیان لە

وەزارەتی نەوتەوە، بەپێی نوسراوێکی لە 16ی تشرینی یەکەمی 2023.

2- هەموارکردنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران (23ی ساڵی 2022) کە کەمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بە ئەو باجانە هەڵبگرێت کە لە گرێبەستەکەوە سەرچاوە دەگرێت و دواتر و دوای دیاریکردنی بڕەکەی و جێبەجێکردنی وەسفی (قەرزی حکومەت) ، بابەتەکە پێشکێش بە ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بەپێی دەسەڵاتەکانی بە وازهێنان سینەوە یان دواخستنی کە لە یاسای بڕەوپێدراوی فیدراڵیدا هەموارکراو (6 ی ساڵی 2019).

تەوەری دووەمی کۆبونەوەکە تایبەت بوو بەکەرتی غاز و وێبەرهێنان:-

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەت بە پەرەپێدانی کەرتی غاز و وێبەرهێنانی بە شێوەیەکی گونجاو، ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران بە وژە (23097 ساڵی 2023)ی پەسند کرد سەبارەت بە تەندەری نوێکردنەوەی وەستگەی پاککردنەوەی گاز و دامەزراندنی یەکەی نایترۆجین و دامەزراوەکانی پەستان و وشککردنەوە بە کەڵکی ڕژاوای قورنە/2 بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پەسندکردنی تەندەری پێویست بە نوێکردنەوەی وەستگەی پاککردنەوەی گاز، دامەزراندنی یەکەی نایترۆجین و دامەزراوەکانی پەستان و وشککردنی گاز بە کەڵکی ڕژاوای قورنە/2 بە سەرپەرشتی کەمپانیای ئیتاڵی (SpA SICIM) ، بە کەی گشتی (619) ملیۆن دۆلار لە کارگەی ئیتاڵی، ماوەی جێبەجێکردنی (990 ڕۆژ).

هەروەها ئەنجومەنی وەزیران پشتیاری ئەنجومەنی وەزیرانی وژە(23093گ ساڵی 2023) پەسند کرد سەبارەت بە پرۆژەی وێبەرهێنانی گازی کەڵکی ئیبن عومەر بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. ڕاسپاردەیەک بە ئەنجومەنی وەزیران بە دەرکردنی پرۆژەی وێبەرهێنانی گاز (کەڵکی بن عومەر) لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران (245 ی ساڵی 2019) کە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران (23374) ی ساڵی 2023 هەموارکراوە، سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پرۆژەکانی وێبەرهێنان بە تەنها لە ڕێگەی دەستی وێبەرهێنانی نیشتمانییەوە.

2. مسۆگەرکردنی پەدانی پارە لە ڕێگەی وەزارەتی دارایییەوە (گرەنتی پارەدان) ، کە لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە دیاری دەکرێت لە 21ی تشرینی دووەمی 2023، لە چوارچێوەی ئەو ترخانکراوانەی کە ساڵانە لە بودجەدا ترخان دەکرێن.

3. دەبێت پارەدانی دارایی پسپۆڕەکان بە هەموو شایستەکان لەڕێگەی نەوتی خاوەوە ، تەنها لە ڕێگەی کەمپانیای بازاڕکردنی نەوتەوە (SOMO) بێت بەدەرکردنی لە ڕێنماییەکان بە ئاسانکردنی جێبەجێکردنی بودجە.

لە بەردەوامی هەوڵەکانی حکومەت بە پەرەپێدانی کەرتی کارەبا و چارەسەرکردنی قەیرانەکانی، ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیرانی وزەی پەسەند کرد (23091 گ بە ساڵی 2023) سەبارەت بە پێژەی بەستنەوەی کارەبای عێراق و سعودیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. ڕەوانەکردنی جێبەجێکردنی کاری ڕاوێژکاری بە پێژەی بەستبەوەی کارەبای عێراق-سعودیە بە کەمپانیای تیرتاتیک (Tech Terta) بە بەدەستهێنانی بەرزترین نمرەی هەڵسەنگاندنی تەکنیکی و دارایی بە تێچوونی گشتی (1،088،652) دۆلار، تەنها یەک ملیۆن و هەشتا و هەشت هەزار و شەش سەد و پێنجا و دوو دۆلار لە ماوەی شەش مانگدا.

2. دەسەڵاتدان بە وەزارەتی کارەبا بە واژەکردنی گرێبەستی سە لایەنە لە چوارچێوەی تەرخانکردنی بودجەی کارپێکردن، بەدەرکردنی لە ڕەنمایییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان (2ی ساڵی 2014).

لەسەر بنەمای ڕاسپاردەکانی سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران بە پشتیوانیکردنی کەرتی وەرزش لە بنە وەرزشییە جەراوجەرەکاندا، ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر تەرخانکردنی 923 ملیۆن دیناری لە کەی بودجەی تەرخانکراو بە پاڕەوانییەتی جامی ئاسیا بە کەوان و تیر/قەناغی یەکەم کە لە بەغدادی پایتەخت بەڕێوەدەچێت لە 20 بە 25 شوباتی 2024، بە ئەوەی لە ئاستەکی شیاودا بێت و لەگەڵ مەرجەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کەوان و تیردا بگونجێت، بەپێی نووسراوی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە 19ی تشرینی دووەمی 2023.

لە چوارچێوەی سنووردان بە ڕاوبوونەوەی دیاردەی ماددە هەشبەرەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی، ئەنجومەنی وەزیران تەرخانکردنی بڕی 10 ملیار دیناری لەلایەن وەزارەتی دارایییەوە پەسەند کرد بە وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ماددە هەشبەرەکان و ماددە دەروونییەکان بە چاککردنەوە و نەژێنکردنەوەی ناوەندەکانی چاکسازیی زەرەملەی ماددە هەشبەرەکان و ئەو بڕە پارەیە لە یەدەگی فریاگوزاری تەرخان دەکرێت لەسەر بنەمای بڕگەکانی یاسای بودجەی فیدراڵی کەماری عێراق بە ساڵی دارایی.

لە دەسپێی پیشەسازیی سەربازیدا، ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ڕادەستکردنی سەرجەم پاشماوەکانی ئاسن کە چەک و کەلوپەلی سەربازی و پاشماوەی سەربازی و کانزا ڕەنگاوڕەنگەکان (مس، گەڵەک، ئەلەمنیۆم) لەخەدەگرێت و لە دەزگا ئەمنییەکاندا دەستیان بەسەردا گیراوە، بە دەستپێی پیشەسازی سەربازی، دوای ئەوەی بڕیارەکە بەوانامەی کتابی لە دادگا لێهاتووەکان وەرگرت.

هەروەها ئەنجومەنەکە ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەوەی دەستپێی پیشەسازی سەربازی بڕگەکانی یاسای

گومرگی 23ی ساڵی 1984 کە هەموارکراوە بیانگرێتەوە، بە مەرجێک سوودمەندی کێتایی لە ئەو کاڵایانەی کە لە دەستکەوە هاوردە دەکرێن، هەزە چەکدارەکان و هەزەکانی ئاسایشی ناوخە بێت.